www.kurdistannet.org
30-10-2006 7:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# (مام رسول) پیێشمەرگەی دێرین و دانەبراو: تکام وایە ناسنامەی پێشمەرگەی دانەبراو و دابراو لێک جیا بکرێتەوە؟! ... دیداری: محمد سیاسی ئەشکەنەیی

مام رسول لەساڵی 1977 پەیوەندی کردووە بەرێکخستن راستەو خۆ لە ژێر چاودێری شەهیدی سەرکردە (تالیب رۆستەم) بووە.

- ساڵی 1978 بۆتە پێشمەرگە.
- ساڵی 1979 کراوەتە جێگری کەرتی هەرێمی پارێزگاری.
- ساڵی 1980 فەرماندەی کەرت بووە لە هەرێمی پارێزگاری.
- ساڵی 1981 فەرماندەی کەرت بووە لە هەرێمی 6
- ساڵی 1982 کراوەتە جێگری تیپی (43) ئاسۆس، بۆماوەی (3)ساڵ جێگری تیپی (43) ی ئاسۆس بووە.
- ساڵی 1985- 1988 رابەری سیاسی تیپی (43) ی ئاسۆس بووە.
- ساڵی 1988 – 1991 وەك رابەری سیاسی متفرقە ماوەتەوە.



پێشمەرگەیەکی دێرینی دانەبراو و بەشداری زۆربەی شەرەکانی کردووە لەوانە: شەری گردە بێناس ساڵی 1983، شەری ئاسۆس ساڵی 1985، شەری قەیوان ماوەت ساڵی 1986 بۆ 1987، داستانی رزگاری ساڵی 1987، بەشداری زۆربەی شەرەکانی سەرکردایەتی (ی ن ك) ی کردووە، لەساڵی 1988 لە ئەنفالەکان دا بەشداری شەرەکانی کردووە تاکو رۆیشتنی بۆ ئێران، دواتر لە ئێران گەراوەتەوە بۆ گوندی قەڵاتووکان تا کو ناوچەکە گیراوە و دواتر گەراوەتەوە بۆ ئێران، لەدوای راپەرین (سەرتیپ و جێگر لەشکرو سەر لەشکری متفرقە) بووە بەڵام بەشداری هەموو شەرەکانی کردووە بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەپێویستمان زانی وەك رۆژنامەی دێرین ئەو پێشمەرگە دێرینە بدوێنین بەو پرسیارانەی خوارەوە:

پ1 / سەرەتای بوونت بە پێشمەرگە بۆ کەی دەگەرێتەوە؟

مام رسول: لەساڵی 1977 وە پەیوەندیم کردووە بەرێکخستنی یەکێتی لە قەڵادزی لەرێگای خۆشەوی کاوانی و خالیدی مەلامستەفاو خدری محمود جاف و عمری خدری میرانی، وە ئەو کات پەیوەندیمان بە شەهیدی سەرکردە هەڤاڵ تالیب رۆستەم وە بوو، وە دواتر لەرۆژی 1978/5/20 پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگەوەکردووە لە سەرچاوەی هەڵشۆ بەیزان کاك (زیرۆ عبدللە ریوی، هەڤاڵی خوالێخۆشبوو عزیز بەگ)

لەوی بوون دواتر چوومە هەرێمی پارێزگاری ماوەی مانگێك کە کاك احمد فەرماندەی کەرت بوو، دوای ماوەیەکی کە گواسترایەنەوە بۆ بارەگای بەرێزمام جلال لە قەندیل کە هەڤاڵان دلشاد عبداللە یالح کە ئێستا لەدەرەوەی وڵاتە وە رسول محمد موسی ناسراو بە رسوی حمە قوچ لەگەڵمدابوون، لەساڵی 1978

کە ئەوکات لای بەرێز مام جلال بووین لەدوای کارەساتی هەکاری سەرکردایەتی یەکێتی ژمارەیەکی زۆر کەم مابۆ وە لە قەندیل کە ژمارەیان لە (36) کەس تێنەدەپەری، کەسەردەمی محمدی رزاشا پەهلەوی بوو لە ئێران، رژێمی شا رۆژانە لەدەوری بارەگاکانی سەرکردایەتی ئەوکات سەربازو چریکیان دادەبەزاند کەسەردەمی شا بەچریکیان دەوت جاش، بەفەرمانی بەرێز مام جەلال نەدەبوو هیچ پێشمەرگەیەك تەقە لە کۆپتەرەکانی ئێران بکات تاکو ئێمە ئاشکرا نەبین و دوژمن نەزانی ئێمە لەکوێین.

پ2/ چی وای کرد تۆ ببی بە پێشمەرگە؟

مام رسول: هەستی نەتەوایەتیو زولم و زۆری داگیر کەران.

پ3/ بۆچی تۆ لەساڵی 1978 وە پێشمەرگەی لەحاڵ وگوزەرانێکی خراپ دا دەژی لەرووی ئابووریەوە؟ هۆکار چییە؟

مام رسول: تاکو ئێستا هیچ ئاورێکم لی نەدراوەتەوە، جگەلەو مووچەیەی کە لە فیئەکان وەری دەگرم، وە زەویشم وەرگرتووە بەڵام بەهۆی خێزانی زۆرو مەسرەفی رۆژانەی گرانی بازارەکان بەپارەیەکی یەکجار کەمم فرۆشتووە کە نرخەت پێبڵێم لەوانەیە پێکەنینت پی بی.

پ4 / تاکو ئێستا داوای یارمەتیت کردووە لە لێپرسراوان؟

مام رسول: نەخێر هیچ داوای یارمەتیم نەکردووە، چونکە لێپرسراوان چاوایان لێمانە کە ژیان وگوزەرانمان چۆنە، هەرچەندە بی ئاگاشن لێمان دەڵی ی بە پێشمەرگەی کۆنیشمان نازانن.

پ5/ ئەتەوی ئایندەی پێشمەرگە چۆن بێت؟

مام رسول: دەمەوێت ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بەزیندوویی بمێنێتەوە چوونکە ناوی پێشمەرگە زۆر پیرۆزەو ئەرکی پاراستنی هەرێمی کوردستان و دوور لە ناحەزانی گەلەکەمانیان لە ئەستۆ دایە تاکو دەستی چەپەڵ وەرنەدەنە خاکی نیشتمان، وە داوا لەهەڤاڵی بەرێز مام جەلال و مەکتەبی سیاسی دەکەم کە خەبات و ماندووبوونی هێزی پێشمەرگە لە بەرچاو بگیری لایەك لەژیان و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوە و کەیاسایەك بۆ پێشمەرگە هەبێ وەکو کەسایەتیەکی شۆرشگێرو سەربازێکی نەناسراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

پ6/ پێشمەرگەی کۆن و نوی جیاوازیەکەیان لەچی دایە؟

مام رسول: جیاوازیان لە خەبات و ماندوو بوون دایە کە پێشمەرگەی کۆن بەخوێن ئەو رۆژگارە ئازادەی هێنایە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێشمەرگەی کۆن هەن مووچەکانیان زۆر کەمەو بەشی بژێوی ژیان و گوزەرانیان ناکات لەکاتێکدا خاوەنی خێزانێکی زۆریشن سەرت لی یان سور دەمێنی کە دەیان بینی پاڵ بە عارەبانەی دەستی یەوە دەنێن و یاخود کرێکاری دەکەن خەڵکیش دەبینی لە دوورخۆیانەوە تعلیقیان لی دەدات و دەلێت لیخورە پێشمەرگەی کۆنە.

پ7/ چیت لەبیرە لە نوکتە خۆش وبەسەرهاتەکانی سەردەمی شاخ؟

مام رسول: ساڵی 1983 بوو کە سەرپەرشتی تیپی (43) ی ئاسۆسم دەکرد بەشێوەی کاتی کە بارەگایەکەیان لە گوندی خەتی سنوری بالیسان بوو، رۆژێکیان جەنابی مام جەلال ئاگاداری کردم کە کەرتێك پێشمەرگە بنێرمە سەری دەرە شیری کە بەرێز مام جەلال بەنیاز بوو سەردانی گوندی گوڵان بکات لە سنوری شاوری، لەگەڵ بەرێز مام جەلال سەرکەوتینەسەر زینی وەرتی لەوی جاشەکانی انوەربەگی بێتواتە تەقەیان لێکردین لەوی جەنابی مام جەلال لەگەڵ شەهیدی سەرکردە سەیدکریم وتیان ئەبی ئێمە لێرە لەسەر زینوی وەرتی دۆشکاکان دانێین دوو دۆشکەمان پێبوو چوونکە ئەوکات فرقەی (24) ی چوارقورنە کۆپتەری لێ بوو نەوەك بێنەسەرمان، کە مام جەلال وهێزەکانی تر رۆیشتن

تەنها من لەگەڵ (3) پێشمەرگەمامەوە لەلای دۆشكەكان، دوو وڵاخی لێبوو یەكێكیان هی هێرۆ خان بوو یەكێكێیان كەل و پەلی بارەگای پێوە بوو منیش لەناچاری دۆشكەكانم لە وڵاخەكان باركرد لەرێگا كە نزیك بەرێز مام جەلال و ئەوان بووینەوە ووتی بۆ دواكەوتووی منیش ووتم دۆشكەكان بەجی دەمان ناچار لەو وڵاخانە بارم كردن دواتر پێشمەرگەیەك بەناوی كاك ێباح لەترسی مام جەلال دەی گوت، مەم مەم مەم دۆشكەكان مام رسول گێراویەتەوە دیار بوو لەوكاتە مام جەلال هەندێك خۆی تورە كردبوو بۆیە پێشمەرگەكە لەترسان بۆی نەدەهات، وە لەساڵی 1978 لەقەندیل هەمزەی باپیر ئاغای پشدەری (3-2) جار هات بۆ بارەگای سەركردایەتی لە قەندیل داوای لە بەرێز مام جەلال و كاك نەوشیروان دەكرد كە گفتوگۆ لەگەڵ رژێم دا بكەن، ئەو كاتەی كە پێشمەرگەكان همزاغایان دەبینی زۆرخۆشحاڵ دەبوون دەیان گوت ئەوە هاتووە، موفە حەیاتەكەی پی یە، بەڵام گفتوگۆ لەلایەن مام جەلالەوە رەت كرایەوە چونكە ئەوكات گفتوگۆ لەبەرژەوەندی گەلی كورد دا نەبوو